

Gunnar Ekelöf

**گوننار ئێکێلۆف**

1968-1907

**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە**

**رزگار شێخانی**

rizgar_shekani@yahoo.se

# دیوان

# لەسەر میری ئێمگیون*

ayíasma

زیندانەوانێکی یەکچاو
خزمەتی ئەم کانییە پیرۆزەی
پەنا دەکا
ئاوە دەهێنێت و
بە دەستمان دادەکا
هەمان ئاوی کە قەیسەرە ئاڵودەکانی پاک دەکردەوە،
ئازاری دەسەڵات و گومانییان دەچەشت.
تۆ، ئەی ئارەزووی چەپەڵی ئاڵودەی دەسەڵات!
لەگەڵ **رۆمانۆس** بووم
شەڕ و خیانەتەکەم بینی
تۆ، ئەی ئارەزووی چەپەڵی ئاڵودەی دەسەڵات!
ئاو بۆ دەست پاککردنەوە ــ
خۆ دەبێ ئەمەش
ساکارترین کردەوەش
کە دەستی رووتمان،
لەو شتانە پاک بکاتەوە کە ویستییان بیانگرن:
ئارەزووی دەسەڵات، ئارەزووی ئارەزوو.

Romano´s IV Dioge´nes رۆمانۆس:
قەیسەری بێزەنتینی بوو، لە ساڵی 1068_1071 . کە "قوستەنتین دوکاس" مرد، ژنەکەی ئەوی بە مێردی خۆی هەڵبژارد و کردی بە قەیسەر. رۆمانۆس هەوڵیدا هێرش و پەلاماردانی سەلجوقییەکان لە ئاسیای بچوکەوە بوەستێنێ، بەڵام ساڵی 1071 لە شەڕی "مانزیکیر" شکا، چونکە نەوەکانی "قوستەنتین دوکاس" خیانەتیان لێیکرد. لەم شەڕەدا دیل کرا، بەڵام پاشان ئازادکرا. دواتر لە شەڕی ناوخۆ دۆڕا، دەستگیر کرا و لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا هەردوو چاویان دەرهێنا و ساڵی 1072 مرد.

ayíasma
ئەیاسمە_ هاگیاسمە": ناوی ئەو کانییەیە، کە قەیسەرەکانی ئیمپراتۆری بێزەنتینی، گوناحی خۆیاننیان تێیدا دەشووشت.

* قەسیدەیەکی درێژی دوو بەشە، هەربەشەی بیست و نۆ شیعرە. ساڵی 1965 نووسراوە. باسی چارەنووسی میرێکی کورد دەکا لە سەردەمی بێزەنتینییەکان. لە ماوەی چەند مانگێکدا چاپدەکرێ .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com